دەزگای هەواڵگری نیشتمانی وردەکارییەکانی گیانلەدەستدانی هاووڵاتییەکی عێراقی لە دیمەشق بڵاودەکاتەوە

ئەمڕۆ شەممە، دەزگای هەواڵگری نیشتمانی ،وردەکارییەکانی گیانلەدەستدانی هاووڵاتییەکی عێراقی لە دیمەشق ئاشکرا کرد و جەختیکردەوە هیچ پاڵنەرێکی تایفەگەری و هەرشکردنسەر ئەو هاووڵاتیە نەکراوە .

دەزگاکەلە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: لە پێناو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پشتاستکردنەوەی ئەوەی لە سۆشیال میدیادا بڵاوکراوەو سەبارەت بە کوشتنی هاووڵاتییەکی عێراقی لە ناوچەی سەیدە زەینەب لە دیمەشقی پایتەختی سوریا، بە هەکاری تائیفی گروپێکی کاری تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ باڵیۆزخانەی عێراق لەوێ پێکهێنرا.

دەزگاکە ئاماژەی بۆشکردووە : دوای لێکۆڵینەوەی مەیدانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند شایەتحاڵێك و پشکنینی تەرمی کوژراوەکە، دەرکەوتووە کە هاووڵاتییەکە لەدایکبوی ساڵی 1952 بووە و تووشی نەخۆشی درێژخایەن بووە، هیچ دەستدرێژییەکی بەسەردا نەکراوە و نە کوژراوە، هەروەها هیچ نیشانەیەکی ئیشکەنجەدانی لەسەر نەبووە، لە 27ی حوزەیرانی 2025 لە ماڵەکەی خێیدا گیانی لەدەستداوە، و گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی سەدر لە ناوچەی سەیدە زەینەب ئیدارەی نەخۆشخانەکە پشتاستی کردەوە، بڕیاری پاپۆرتەکی پزیشکی، مردنەکە بەهۆی جێتەی دڵەوە بووە. ئاژانسەکە ئاماژەی بۆدا کە داوا لە

پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا دەکات کە وردبینی و پشتبەستن بە سەرچاوە فەرمییەکان لە کاتی گواستنەوەی هەواڵەکان بە پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە ئاسایشی ئۆو هاووڵاتیانی عێراقییە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە، لە پێشنگی ئەولەویەت و ئەرکەکانیدایە.